# هەرکەسێک مارمێلکەیەک بکوژێت بە یەک لێدان؛ سەد چاکەی بۆ دەنووسرێت، ولە دووەم لێداندا (چاکەی) لەوەی پێشووتر کەمتری بۆ دەنووسرێت، ولە سێیەم لێداندا (چاکەی) لەوەی پێشووتر کەمتری بۆ دەنووسرێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک مارمێلکەیەک بکوژێت لە یەکەم لێدان؛ ئەوا ئەوەندە وئەوەندە چاکەی بۆ هەیە، وئەوەی لە دووەم لێداندا بیکوژێت؛ ئەوا ئەوەندە وئەوەندە چاکەی بۆ هەیە لەوەی پێشووتر کەمتر، وئەوەی لە سێیەم لێداندا بیکوژێت؛ ئەوا ئەوەندە وئەوەندە چاکەی بۆ هەیە لەوەی پێشووتر کەمتر». ولە گێرانەوەیەکدا: «هەرکەسێک مارمێلکەیەک بکوژێت بە یەک لێدان؛ سەد چاکەی بۆ دەنووسرێت، ولە دووەم لێداندا (چاکەی) لەوەی پێشووتر کەمتری بۆ دەنووسرێت، ولە سێیەم لێداندا (چاکەی) لەوەی پێشووتر کەمتری بۆ دەنووسرێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئامۆژگاریمانی کردووە وهانمانی داوە بۆئەوەی مارمێلکە بکوژین، وهەواڵیداوە هەرکەسێک مارمێلکەیەک بکوژێت بە یەک لێدان؛ سەد چاکەی بۆ دەنووسرێت، ولە دووەم لێداندا (چاکەی) لەوەی پێشووتر کەمتری بۆ دەنووسرێت، ولە سێیەم لێداندا (چاکەی) لەوەی پێشووتر کەمتری بۆ دەنووسرێت، وحیکمەت لە کوشتنی ئەوەیە فووی دەکردە سەر ئەو ئاگرەی کە ئیبراهیم -علیه السلام- فڕێدرایە نێویەوە، وهەروەها ئاژەڵێکی ژەهراوی وپیس وزیانبەخشە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8413

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee